ڕۆژی گەل

Aug-5-2007_N0:190

# بیرەوەریەکانم

هەفتەنامەی **ڕۆژی گەل** بە خۆشحاڵیەوە بیرەوەریەکانی بەڕێز مام زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیەیی بە زنجیرە بڵاو دەکاتەوە.

مام زرار سلێمان دەرگەڵەیی تێکۆشەرێکی دێرینی ڕێگەی ئازادی و یەکسانیخوازی کوردستانە، لە بەستێنی خەباتی سیاسی دا ناسراوە، بیروەریەکان بۆ خۆیان دەدوێن، مێژووی تێکۆشانی ئەو تێکۆشەرە دەگێڕنەوە، لاپەڕە شاراوەکانی مێژووی خەبات و تێکۆشان ئاشکرا دەکەن.

بیرەروەریەکان لە شێوەی کتێب تایپ کراوە، بەڵام هیچ دامەزراوەیەک ئەرکی چاپکردنی لەئەستۆ نەگرتووە، هەڵبەت هۆکاری سیاسی لە پشت چاپ نەکردنی دا هەیە.

فەرموون با بەیەکەوە

بەشی یەکەم- 4

## ساڵی دووەمیش بەرەو کوێستان دەڕۆین

ساڵی دووەمیش لە ماویلیان کۆچ بەرەوکوێستان کەوتەڕێ ، سەیری باربەرەکانم دەکرد، لەوکاتەی لە پێچاوپێچەکانی شینکی ماویلیان بەسەر دەکەوتن و وێنەیەکی زۆر جوان دەکەوتە بەچاو بە ئارەزووەوە سەیرم دەکرد، هەر ئەوەندەم بینی یەکێک لە باربەرەکان هەڵدێراو بە بارەکەیەوە بەرەوخوار گلۆزر بۆوە، پیاوەکان بەپەلەوە بە دوای کەوتن، بەلامەوە زۆر سەیر بوو لەو کاتەی گلۆز بوو لە پرێکا لە دارێک گیر بوو، بەدارەکەوە مایەوە، پیاوەکان گەیشتنێ و یەکسەر بارەکەیان لێ کردەوە، سەیر ئەوە بوو ولاخەکە هەستاوەو هیچی لێ نەهاتبوو، ئەو دەمە بارەکەیان لێ بارکردەوە بەسەریان خستەوە بە زەحمەتێکی زۆرەوە کۆچ لە شینک سەرکەوت، بەهەمان ڕێگەدا ڕۆیشتن، ئەوەی پێشان پێیدا دەرۆیشتن هەتا گەیشتینە دووریانی گۆڕستانەکەی (مام شێخ هەمزە) ئەو جارە کۆچ لایدایە ئەو ڕێگەیەی بۆ(سەران) دەرۆیشت، دیار بوو لەسەر ڕاسپاردەی باوکم دەرۆیشتنە هەوارگە نوێیەکەی(کانی کنێر) ئەو ڕێگەیەی بۆ ئەو هەوارگەیە دەچوو زۆر ناهەموارو ناخۆش بوو، کاتێک سەرکەوتین و گەیشتینەجێ دیار بوو شوێنێکی زۆر نارێک و سەخت بوو، ئەو هەوارگەیە بوو کە (کاک عەلی) سەرانەیی سازی کردبوو، کۆمەڵێک کۆلی داری دروست کردبوون و ئاویان دەڕژایە ناو بۆ خواردنەوەی مێگەلی مەڕو بزن، کە لە لەوەڕگە دەگەڕانەوە.

هەوارگەی (کانی کنێر) دەکەوێتە بەری (هەندرێن) بەدیوی کوێستانی (کارۆخ)دا لە خوارووی گەروی سەران لە (گۆڕمێکوک) ڕێگەیەک بۆ هەندرێن دەڕوات و بەسەر دەکەوێتە گەرووی ڕەشمالان، دیوەکەی هەندرێن بەسەر دۆڵە مەنجەل دا دەڕوانێ، لەوێوە کێوەکانی (زۆزک و سیرین و هەڵگۆرد)دیارن، هەروەها کوێستانی (بن کارۆخ و بەشی زۆری باڵەکایەتی و کێوی قەندیل)یش دیارن.

هەوارگەی کانی کنێر لە شوێنێکی هەڵدێرو نارێک بوو، بەلام رووی لە کێوە بەرزەکەی کارۆخ بوو تەواوی بەرباری کارۆخت لێ دیارە هۆبە ڕەشماڵەکان لە بەرچاون بەتایبەتی شەوان ئاگری هۆبە ڕەشماڵەکان لە دورەوە دیارە، دیمەنێکی زێدە جوان دەکەوێتە بەرچاو، مرۆڤ بە ئارەزووەوە سەیری دەکات ئەو دیدەنیەم هەردەم لە یادە و دەکەوێتەوە بەرچاوم.

لە دوای جێنشین بوون لە هەوارگە، ڕۆژێک لەگەڵ یەکێک لە چەکدارەکانمان (عەلی شێرکاوەیی) بەسەر کەوتینە گەرووی ڕەشماڵان، لەوێوە سەیری (دۆڵە مەنجەل)مان دەکرد، ماویلیان ڕووبەڕوو بوو، زۆر چاک دیاربوو، خەڵک لەناو گوند هاتو چۆیان دەکرد، دەمانبینی لەسەر (کانی گوێزی) مەلاکۆر ماینەکەی سلێمان بەگی دەشوشت.

هەوارگەی (کانی کنێر) خۆشیەکەی لەوەدا بوو شوێنەکەی بەرزبوو، دەوروبەری دارو درختی چیایی هەمە جۆر بوو، شەوانە گوێت لە دەنگی ئەو باڵندانە دەبێت کە دەخوێنن، وەک (کوندە پەپۆو قەرەباشکە)و بەیانیانیش زوو پەپۆو بولبول و تۆپ تۆپەو قاسپەی کەو)ئاوازێکی خۆشت پێ دەبەخشن، جیا لەوەش شەوان ئاگری هۆبە ڕەشماڵەکانء ئاگری هەوێزی شوانەکان لە هەموو کوێستانی بن کارۆخ دەبیندراو دەنگی چەمارۆی سەگەکانی نزیک دەبیستران، ئەمە یادگاریەکی تۆمارکراوی مێشکی منداڵیەو لەیاد ناکرێت .

لە ناوەڕاستی هاوینی ئەو ساڵەدا باوکم بە سەردان هاتە لامان، لەو شەوانەی لای ئێمە بوو، شەوێک بە درەنگەوە لە(گۆڕمێکوک) لە خوار گەرووی سەران نیزیک بە هەوارگەکەمان بوو، بە هاتوو هاواری شوان و چەمارۆی سەگەکان، باوکم لە ڕەشماڵ دەرکەوت ،چەند گوللەیەکی تەقاندو زووبەزوو دوو چەکداری بە دوای هاوارەکەدا ناردن، بێگومان لەگەڵ دەنگی تەقە هەموومان لە خەو هەستاین و نەمان دەزانی ئەو هاوارە چییە!؟ هەتا لای بەیانی ئەوانەی بەدوای هاوارەکە دا چووبوون گەڕانەوە ئەوکاتە زاندرا کە هەرس (وورچ) بەناو مێگەلی (عەولاخوسی) ماویلی کەوتوون و زیانێکی زۆریان لێدابوو، ئەوکارەساتە کرداری تاکە هەرسێک نەبوو، بەڵکو کرداری چەند هەرسێک بووە، ئەوەی ڕاستیە ئەوکارەساتەو ئەوکوشتارەی لەو مێگەلە بزنەی عەولا خووس کرابوو جێگەی سەر سوڕمان بوو.

ئەوەی بەیادمە ئەوکاتەی باوکم هاتە سەردانمان لە هەوارگەی کانی کنێر (مام حەمەشریف و مەلا سمایل بێشوکی)ی لەگەڵ بوون، چەند ڕۆژ لەوێ مانەوە ڕۆژێک نیشانیان دانابوونەوە، زۆریان تفەنگ هاویشتن، لەکاتی تەقە دەکرا هاشەی دەنگی تەقە لە کێوەکان دەنگی دەدایەوە ، من زۆرم هاشەکە پێخۆش بوو، باوکم لەگەڵ میوانەکان چەند ڕۆژێک مانەوە، شەوان هەتا درەنگ کاغەزانەیان دەکردو بەگاڵتە لەگەڵ (مەلا سمایل) بەسەریان دەبرد.

بەنیازی ڕاوی کێویەکان ئەوان بە بە هەندرێن دا ڕۆیشتنەوە، چەند ڕۆژ دواتر لەگەڵ دایکم لە هەوارگە بۆ ناو دارستانی بنار دابەزینە خوارەوە ، بەنیازی چنینی (گڵوان) بۆ خۆش کردنی مەشکە لەگەڕانەوەمان درەنگ داهات تاریک داکەوتبوو، ڕێگە هەوراز بوو بەسەر دەکەوتین بەرەو ماڵ دەگەڕاینەوە من لەپێشەوە دەرۆیشتم کاتێک دیتم گیانەوەرێک لە ناوەندی ڕێگە دەجولێتەوە، خێرا وەستام ،بە دایکم گوت: (دایە ئەوە چییە؟) وامزانی سیخورە! دایکم زوو گوتی: (کوڕە بگەڕێوە مارە، ماڵ وێران ئەوە ئەژدیهایە ڕێگەی گرتوە!)، لەگەڵ قیژاندنی دایکم یەکسەرگەرامەوە دواوە، زۆر دوور کەوتینەوەو لەرێگەا لاماندا بەسەرکەوتین کە هەستی ئێمەی کرد دەستی کرد بەکیفە کیف، دیاربوو مارێکی زۆر گەورە بوو نەیدەتوانی بجولێتەوە، ئەو شەوە بەدرێژایی شەو مارەکە دەهاتە خەونم لێی ترسابووم، لەدوای ماوەیەک یەکێک لەچەکدارەکانی لامان مارەکەی کووشتبوو، کە کوژرا ئەوکاتە زانرا کە زۆر گەورەیە.

سەرەتای پایز لە کوێستان سەرما داهات، لە کێوە بەرزەکان بەتایبەت لە کێوی کارۆخ دەنگی هاشەی با لە بەرزاییەکان لە گەڵی (خرێنە) دەهات، بەیانیەک زوو کۆچ باری ماڵ گواستنەوە کەوتەڕێ، کاتێک بەناو گەلیدا دەرۆیشتین بەسەر جۆی سۆراندا بەرەو (چنێران) ڕۆیشتین، شەو لەنزیک ئاوی چنێران ماینەوە، بەیانی لەگەڵ گزنگی هەتاو کۆچ باری کرد، لەو ڕێگەیە دەرۆیشتین ئەوەی جارەکانی دیکە پێیدا دەرۆیشتین، گەڕاینەوە ماویلیان، ئەوەی دێتەوە یادم ئافرەتانی گوند دەهاتنە لای دایکم بە بۆنەی هاتنەوەی لە کوێستان منیشیان دەگرتە باوەش و ماچیان دەکردم ، لە دوایی وای لێهات خۆم دەشاردەوە لە دەستیان.

## بنەماڵەی شێخەکانی ماویلیان

ئەوەی زاندراوە (شێخ نەبی) کە بە (پیری ماویلی) ناسراوە هەڵکەوتوی گوندی ماویلیان بووە، پیریماویلی شێخێکی بە ناوبانگ و ناسراوی دیاربووە، بەڵام وا دیارە شێخ لە گوندی خانەقا دانیشتووە، ژیانی بەسەر بردوە، بەلام کەسوکارەکانی لە ماویلیان ژیاون، ئەوکاتەی ئێمە هاتینە ماویلیان تەنیا دوو منداڵی بنەماڵەی پیری ماویلی تازە پێگەیشتبوون، پاش بابی ئەو بنەماڵە لەپیری ماویلی مابوون، هەردووکیان ئامۆزا بوون (شێخ تاهیرو شێخ قادر) تەمەنیان (13 ـ 14) ساڵی دەبوو، لەگەڵ فەقێیەکان لەلای (مەلاسادیق)ی مەلای گوندی ماویلیان دەیان خوێند ، ئەو دوو لاوە لە بنەماڵەی پیری ماویلی بوون بابیان نەمابوو، هەریەکەی ماڵی خۆی هەبوو، دایکیان بناوانیان بوون و چاودێریان دەکردن، ماڵی(شێخ تاهیر) لە ماڵی ئێمە نیزیک بوو ، ماڵی (شێخ قادر) لەسەرووی گوند بوو، ئەو لاوانە خۆشەویست و هەڵکەوتوو بوون، لەناو کۆمەڵ ڕێزی زۆریان لێ دەگیرا، ئەگەرچی گەنجیش بوون تاقانەی دایکەکانیان بوون.

دێتەوە یادم گەورەترین تاوانی بەدکاری لەگەڵ ئەو دوو تاقانەیە کرا، تاوانی ئەوها ڕووی نەداوە، شەوێک نیوەی شەو لە گوند بووە هات و هاوارو بانگ و ڕۆڕۆی دایکەکانیان، خەڵک دەرۆیشتنە مزگەوت گوتیان لە حوجرە فەقێیان (شێخ تاهیرو شێخ قادر) کوژراون! ئەوەندەم بەبیرە چەکدارەکان بە گورجی ڕۆیشتن بەدوای ئەو فەقێیەی ڕای کردبوو، فەقێی راکردوو خەڵکی بادینان بوو، لەگەڵ ئەوان لە حوجرە بوو، وا بەدیارکەوت لەو کاتەی خەڵک ڕۆیشتنە مزگەوت سەیر دەکەن لە حوجرەی فەقێیان (شێخ تاهیر) تەواو بوەو (شێخ قادر)یش بریندار بوەو بە برینداری خۆی گەیاندۆتەوە ماڵیان، بەلام بەپەرۆشەوە ئەویش لەڕێگە ڕواندز تەواو بوو.

ئەوەی زاندرا کارەساتەکە بەو شێوە باس کراوەو دەڵێن: زیاد لەهەموو شەوێک ئەو دوو لاوە ئەو شەوە لە حوجرەی فەقێیان خەوتوون، لەوێ ماونەتەوە، ئەوشەوە تەنیا فەقێیەکی تریان لەگەڵ بوە بەناوی (فەقێ حەسەن) خەڵکی بادینان بوو، دوای شیو خواردن ، مەغرەب بە درەنگەوە (حەمە حوسێن)ی چاپەزی میری دەرگەڵە دەرواتە لایان، شەو لەوێ ماوەتەوە، ناوبراو گوتویەتی: (من لەناڵەی شێخ تاهیر بەخەبەر هاتم، لەناو دەستم دا تەواو بوو، شێخ قادریش بریندار بوو فەقێ حەسەنیش نەمابوو، هەر ئەوەندەم بۆ کرا شێخ قادرم گەیاندەوە ماڵیان و خەڵکەکەشمان لە گوند ئاگادارکردەوە کە ئەو کارەساتە خوێناویە ڕوویداوە.

لەوکاتەی جەنازەکانیان لە ڕواندز بۆ ماویلیان گەڕاندەوە، بۆ ئەو دوو شەهیدە لاوە زۆر بەپەرۆش بووم، کوڵی پەرۆشی دڵی زۆر تەنگ کردم، لە کاتێکدا دایکەکانیان شینیان بۆ دەگێڕان، بەتایبەتی کە جەنازەکانیان دەبردن بۆ سەر گۆڕستانء تێکڕا خەڵکی گوند بە پەرۆشەوە لەگەڵ جەنازەکانیان بەشین و گریانەوە دەرۆیشتن، ئەوەی دەنگی دایکە جەرگ سووتاوەکانی گوێ لێ دەبوو، خۆی پێڕانەدەگیرا.

ئەو دوو شەهیدە لە گۆڕستانی نیزیک کۆشکی ئێمە بەخاک دەسپێردران، لە دوای ماوەیەک سەر پۆشێکی جوانیان لە سەر گۆڕەکانیان دروست کردن، خەڵکێکی زۆر بۆ خواستنی مرادو داخوازی دەرۆیشتنە سەر گۆرەکانیان .

ڕاستیەکەی ئەو کارەساتە زۆر دڵتەزێنە بەڕاکردنی فەقێ بادینیەکە و وون بوونی داپۆشراو بێ دەنگی لێکرا، ئەو دوو لاوە بێ تاوانە ڕۆنایی چاوی دایکەکانیان بوون، لە بەدکاری (فەقێ حەسەن) بەولاوە هیچ هۆیەک دیار نەبوو، ئەو دوو لاوەی پێ بکوژرێن. بەڵێ گەورەترین تاوان بوو دەرحەق ئەو دوولاوە ئەنجامدرا بەبێ ئەوەی بزاندرێ کە هۆی کوشتنی ئەو دوو جوانەمەرگە چی بوو؟ کێ بوو بەو تاوانە گەورەیە هەستا ؟!

وەک پێشتر باسم کرد کە مەلای ئەو کاتەی گوندی ماویلیان (مەلا سادیقی کوڕی خەلیفە حارس)بوو، ئەو لەناو کۆمەڵ وجەماوەردا بەشێوەیەکی گشتی مرۆڤێکی زۆر خۆشەویست و بەڕێز بووە ، لەبەر ئەو ڕەوشتە بەرزەی لە دوایدا بوو بە شێخ، ناوبراو لە ماویلیان جێگەی دیار بوو ڕێزێکی تایبەتی لە ناو خەڵک دا هەبوو، هەر ئەوەش بوو خەڵکێکی زۆری دەوروبەری ڕواندزو باڵەکایەتی ڕوویان لە تەکیەی ئەو مرۆڤە هەست بەرزە دەکرد.

شێخ مەلا سادیق) مرۆڤێکی ڕاست و پاکی ئاینی بوو، بەڕاستی ئاینپەروەر بوو، لە ئاین بەو لاوە مەرامێکی تری لە دڵ دا نەبوو، ناوو دەنگی بەربڵاو بوو، بە شێخ مەلا سادیقی ماویلی ناسرا.

کوڕە گەورەکەی ( شێخ محەمەد) برادەرم بوو، هەر پێکەوەش لە ساڵی (1946)، بووین بەسەربازی کۆماری کورد لە مەهاباد. ئەو هەرگیز هەڵسوکەوتی محەمەد بە کوڕە شێخ نەدەچوو.




## ساڵی 1932 سلێمان بەگ دەچێتە بەغدا

ئیسماعیل بەگی ڕواندزی لاوێکی تازە پێگەیشتووی بنەماڵەی پادشای ڕواندز بوو، تاقانەی ئەو بنەماڵە گەورەیە بوو، دەسەلاتداری ڕواندز بوو، ئەو کاتە لەلایەن کوڕی (نوری باویلی ڕواندز)ی تەقەی لێ کراو لە هەولێر بریندار کرا، بۆ تیمار کردن ڕۆیشتبوە بەغدا، لەوێ بەدوای سلێمان بەگی ناردبووی کە بڕواتە لای لە بەغدا، ناوبراو ڕۆیشتبوە بەغداو ماوەی سێ مانگ لای ئیسماعیل بەگ ماوەتەوە.

ئەوکات شەوان چەکدارەکان بۆ نۆبەت گرتن دەهاتنە ماڵمان (حەسەنی قەلاشی و سێمانی میشە گۆج)ێ، ئەوانە ماڵ و منداڵیان هەبوو، لەکاتی نۆبەت دەهاتن نۆبەتیان دەگرت و دەرۆیشتنەوە ماڵەکانیان. (مەلا کوڕو حوسێنی دەلۆو عەلی عەجەم) ئەوانە هەر لەناو ماڵ بوون و کارەکانی ناو ماڵیان ئەنجام دەدا، عەلی عەجەم ئەوەندەی بڵێیت بەتواناو بە تێن و تاقەت بوو، لەگشت ڕوێکەوە. ئەو پیاوە ئیشوکارەکانی ماڵی دەپەڕاندن، ئەوەی ئەو پیاوە لە جیاتی چەند کەسێک کاری دەکرد، ناوبراو مرۆڤێکی پتەوی تێک چەقی بوو ، هەرگیز خۆی لەکار نەدەشاردەوە.

شەوان کە دادەنیشتین لە زۆر ڕووەوە دەدوان، شەوێک باسی سلێمان بەگ کرا کە زۆر لە بەغدا گیر بووە، عەلی عەجەم بە دەنگ هاتء گوتی: (لەو نزیکانەدا سلێمان بەگ دەگەڕێتەوە پشتێنەکی کەسکی بەستووە، بەلام بگاتەوە جێ مەلا سادق ئەو پشتێنەی پێ دەگۆڕیت، لەبەر ئەوەی کەسک تەنیا ئەوەی سەید بێت پشتێنی کەسک دەستێت)، ئەوانەی دانیشتبوون گاڵتەیان بەقسەی عەلی دەهات، بەلام چی گووت وا دەرچوو، ئەو کاتەی سلێمان بەگ گەڕایەوە پشتێنی کەسک بوو، لەسەر داوای مەلا سادق پشتێنی فڕێ دا، ئەوکاتە دەیان گووت(عەلی عەجەم) سیحربازە !

ئەوکاتەی لە بەغدا بوو زوو زوو دەیان ناردم بڕۆم بە(حەسەن)ی قەلاشی بڵێم بێتە ماڵمان کاریان پێیە، سەیری ئەو پیاوەم دەکرد ئەوەندە لەسەر خۆو شل و خاوو بوو، داگیرساندنی سەبیلەکەی ماوەیەکی درێژی دەویست، دونیا وێران بوبایە قەت خۆی شێلو نەدەکرد هەتا دەگەیشتە ماڵێ کاتێکی زۆری پێ دەچوو، جار جاریش دەچوومە ماڵی (مام سلێمان) دەمبینی کۆمەڵێک منداڵیان لە تەمەنی من و هەورازتریش هەبوون ، هەموویان تێکڕا ڕووت و پێخواس بوون، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ کە (مام سلێمان) دەست کورت بوو هەر ئەوەندەی پێ دەکرا نانیان بۆ دابین بکات.

بەشی زۆری کاتم لەگەڵ (ئیسماعیل مامە شێخە) بەسەر دەبرد، زۆر جار دەرۆیشتینە دەرەوەی گوند بەدوای بارەکەو زۆر لەماڵی ئەوان دەبووم، بەشی زۆری شەوانیش هەتا درەنگ لەماڵیان دەمامەوە، دەم بینی زۆر دەست کورت بوون ژیان و گوزەرانیان ناساز بوو، ئەوەی هەیان بوو چیلک و کەرەکیان هەبوون خانوێکی گەورەی لەسەر کۆڵەگە ڕاوەستاو چەند ناوبڕێکی بە قیسپ و تانۆک تێدا کرابوو، شوێنێک بۆ خۆیان و شوێنی کەرو چێڵ وء کەلو پەلی ئاژەڵ بۆ کاو گیاو هێریش، ئەو ناوبرەی بۆ خۆیان جیا کردبووەوە لەناوەندی ئاگردانێک هەبوو، ئاگری تێدا دەکرایەوە، ئەو ئاگردانە لە جیاتی سۆبەو چراو چێشتی لەسەر لێ دەنرا، بەزستانیش لەدەوری دادەنیشتن ئەو دوکەڵەش لەبەری خانوو لەسەریەک کۆ دەبوەوە سەیری بەری خانووت دەکرد ڕەش دا دەگەڕاا لولەکی پێدا شۆڕ دەبوونەوە، ناوە ناوە دەکەوتن ، وات دەزانی ئاخۆ چی تەقیوەتەوە، جیا لەوەش لەدیوەکەی تری ناوبڕ چێل دەبەسترایەوە، کاتێ میزی دەکرد پشکی بەوانە دەکەوت کە لەدەوری ئاگردانەکە دادەنیشتن، هەرتەنیا ماڵی مامە شێخە وانەبوو، بەڵکو گوند تێکڕا ئەوهابوو، خەڵک بەو شێوەیە دەژیان.

# دەروونی دونیا

***دوای دەیان نەخۆشی ئاوەڵەشی لێدەردێ !***

ڕۆژی 2007/8/2 بەرەی تەوافق کەعەرەبە سوننەکانی عێراق دەگرێتەوەبەشێوەیەکی فەرمی دەس لەکارکێشانەوەی خۆیان لەحکومەت و پەرلەمانی عێراق ڕاگەیاند. هۆکارەکانی ئەم هەڵچونەو ئەم دەست لەکارکێشانەوەیە لەهەندێ ناکۆکی ووردو سەرەتاییەوە دەستی پێ کرد تا گەیشتە ئەو ئاستەی کە هەرلایەنێک ناخی خۆی والابکا. چاودێران پێیان وایە کێشەکە پەیوەندی بەو ململانێ دووورودرێژەی نێوان شیعەو سوننەوە هەیە کەساڵانێکی زۆر وجودی هەبووە بەلام بەعسییەکان کەئێستا (ساڵح موتلەک) دەم سپیانە سەرکوتی شیعەیان کردبوو، ئەمانیش ئێستا تۆڵەی خۆیان وەردەگرن. تەوافق دەڵێ، مالکی پیاوێکی کەللە ڕەقەو ئەو داوایانەی کە کوتلەکەی ئێمە لەپەرلەمان پێشکەش کردوون نەک هەر نەیخوێندۆتەوە بەڵکو بواری نەداوە هەر باسیش بکرێن. ئێمە داوای (لێبوردنی گشتی بۆ زیندانی یەکان- لەناوبردنی میلیشیاکان- دابەش کردنی دەسەلات بەپێی تواناو بڕوانامە- پاراستنی مافی مرۆڤ و بەشداری کردنی لەڕێکخراوی جیهانی مافی مرۆڤ) مان کردووە، کەچی ئەم کێشە گەورەی بۆمان دروست کرد. لەڕاستیدا خاڵی یەکەم و دووەم زۆر ترسناکن نەک مالکی کوردیش پێی قبوڵ ناکرێ، چونکە لێبوردنی گشتی ئەو زیندانیانەش دەگرێتەوە کەڕۆژانە لەژێر ڕێنمایی بەعسییەکان و ڕێکخراوی ئەلقاعیدەدا سەدان خەڵک تیرۆر دەکەن، کۆمەڵێ کۆنەبەعسیش دەگرێتەوە کە دەستیان سورە بەخوێنی هەزاران کەسی بێ تاوانی ئەم وولاتە.

خاڵی دووەمیش کەنەهێشتنی میلیشیاکانە خراپیەکەی لەوەدایە، سەرەڕای ئەو هەموو ساڵە خەباتە دوورو درێژەی کوردو ناوی پیرۆزی پێشمەرگە، سەرەڕای ئەو هەموو خول و مەشق و ڕاهێنانانەی کە لەکۆلێجە سەربازی یەکانی کوردستان دەکرێن و ئەنجام دەدرێن کەچی بەعسییەکان پێیان وایە زۆربەی چەکداری کوردی میلیشیایەو دەبێ حەل بکرێن. عەلاوی کەخۆی بەدۆستی بارزانی و کورد دەزانێ و سەرۆکی کوتلەی (عێراقیەیە) و ئەندازیاری ڕێکخستنی کۆبونەوەکانی ئەم دواییی یەی قاهیرە بوو، یەکێک لەئاگر خۆشکەرەکانی ئەم وەزعە، پێی وایە حکومەتەکەی مالکی حکومەتێکی تایفییەو بەقسەی هەندێ لەووڵاتانی ئیقلیم دەجووڵێتەوە. ئەو دەڵێ دەبێ هیچ وەزیرو بەڕێوەبەرێکی گشتی لەسەر بنەمای کوتلەو حزب دانەنرێت بەڵکو لەسەر بنەمای (کەفائە) بێت، کەچی لەماوەی دەسەڵاتی خۆیدا تەنها یەک خاڵ لەو خاڵانەی کە لەقاهیرەو ئوردن و ناوعێراق باسی لێوەکردووە جێ بەجێ نەکرد، خۆ ئەوکاتە تیرۆرو ململانێکان بەم شێوەیە گەشەیان نەکردبوو. هەرچی کوردیشە حەیران بووە نەدەتوانێ شوێنە کوردستانیەکان ڕزگاربکاو شتێکی نوێ (ئیعلان) بکات نەدەتوانێ دەستبەرداری بەغداش بێت، ئەوا نزیکەی سەدوچل سەردان کرا بۆ بەغدا کەچی مادەی سەدوچل هەرجێبەجێ نەکرا. ئەمریکاش لەناوخۆیدا لەئەزمەیەکی گەورەدایەو (ئەحمەد نەجار) ی لێ بووە بەستالین ناتوانێ پاشەکشە بکاو بەدۆڕاوی ناوچەکە جێ بهێڵێ، بۆیە جۆرج بوش بەمالکی ووت گوێ مەدە بە (توافق) لەسەر کارەکەی خۆت بەردەوام بە ئێمە لەپشتت داین. ئەم ئاڵۆزکارییە ئەوەندە کێشەیەکی قورسە کە چارەسەرەکەی تەنها بەگەڕانەوە دەبێ بۆ عەقڵ و مەعریفەت، بۆخۆ دەربازکردن لەکلکایەتی و جاشایەتی. ئەگەر وانەبێ دەبێ چاوەڕوانی لەمە خراپ تربین ئەو کاتەش دەڵێن مەیمون خۆی زۆر جوان بوو ئاوڵەشی دەرکرد.